بۆ بەڕێزان لە ئەنجومەنی شارەوانی خانەقی

**بابەت/ پێشنیار**

**دوێنێ لە کاتژمێری نزیك11ی نیوەڕۆ، کچێك بەناوی(رەغەد جەلیل، تەمەن17ساڵ)لە ئەرکەوازی لەبەر کێشەی خێزانی، خۆیی کوشت. بەداخەوە ئەمە یەکەم خۆکوژی خوشکێککمان نییە، بەڵکو پێشتر چەندین تاوانی کوشتن و کارەساتی خۆ کوشتن لە شارەکەمان ئەنجام دراوە.**
**ژنان و کیژانی شارەکەمان وەك هەموو دەستەخوشکەکانیان لە شار و وڵاتەکانی تری جیهان، رۆژانە رووبەڕووی توندوتیژی ئەقڵی باوکسالاری باڵادەست دەبنەوە، بۆیە زنجیرەی ئەم کارەساتانە نابڕێتەوەو وکارەساتی تریش چاوەڕوانیمان دەکات.**
**بۆ ئەوەی بەشداری بکەین لە هەوڵی کەمکردنەوەی ئەم جۆرە کارەساتانە، داواکارین لە بەرێزتان، بە زووترین کات هەوڵ بدەن بۆ دامەزراندنی خانەی پاراستنی ژنان لە توندوتیژی.**
**لەگەل رێزو حورمەتماندا**

**حزبی شیوعی کوردستان**
**کۆمیتەی مەحەلی خانەقین**